# وەسێت نامە درامایەکی نوێی کوردییە



وەسـێـت نـامـە نـاوی ئـەو درامـا نوێیە کە کـەنـاڵی کـوردسـات بـەرهـەمـی دێنێت و ژمـارەك لە هونەرمەندان بەشداریان لە ئەنجامدانی زنجیرەکەدا گێڕاوە، وەسێت نامە لە نوسین وسیناریۆی (کاوە ئەحمەد میرزا) و دەرهێنانی (بەکر رەشید)ەو هونەرمەندان (کاوە ئەحمەد میرزا، ئازاد جەلال، شلێر کۆیی، چۆپی عەبدولعەزیز، ئـاڵا عومەر، ئاریان عـومـەر، ئاسۆ عـومـەر، عەبدوڵڵا خەیات، مـەریـوان عـەلـی، مــەروە، شـنـە، بەهادین هـەڵـەبجـەیـی، بـەهـادیـن عـازەبـانـی، فوئاد جـەلال، عوسمان مەعروف، هتد....) رۆڵی تێدا دەگێڕن.

وێنەگرتنی وەسێت نامە لەلایەن (هاوار مستەفا)و یارمەتیدەری دەرهێنەر (بەکر فـەرەج)ەو بۆ وێنەگرتنی زنجیرەکە بەشێك لە ستافەکە ئێستا لە وڵاتی سویدن ودواتر دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان وتا ئەمرۆ ٣٠٪ی کاری زنجیرەکە تەواو بووە.

# لە لەندەن کۆنسێرتێك بۆ تارا جاف ساز دەکرێت



مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی لە لەندن کۆنسێرتێك بۆ خانمە هونەرمەند تارا جاف ساز دەکات بەناونیشانی(گلگامش، خواوەندی عەشتار و وێنە کوردییەکان) کە تێیدا چیرۆکبێژ (جۆن پیتەرز)، میزۆپۆتامیای داستانەکە دەگێڕێتەوە کە رووداوەکـانـی لـە نـێـوان دیجلەو فوراتدا روویداوە.

تـارا جـافـی هونەرمەندیش وەك ژەنـیـاری ئـامـێری هـارپ و بە دەنگە شیرینە کوردییەکەی بەشدار دەبێت.

# سالار مەجید و ئەزموونێکی نوێ




سالار مەجید پێشانگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی دەکاتەوە.

بڕیارە لە رۆژانی ٥- ٨ ـ ی ئەم مانگە سالار مەجیدی شێوەکار لە ئەزموونێکی نوێی کارکردنیدا ٦٠ کاری خۆی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی نمایش بکات.

سالار لەم پێشانگایەیدا بە دیدێکەوە کاریکردووە کە فۆرم رۆڵی هەیە و ئەم گۆڕانەش لە کارکردنیدا وایکردووە کە لە کارەکانی پێشووی جیاواز بێت.

# کاری وێنەگرتنی ژانی گەل تەواو بوو



تایبەت بـە هـارمـۆنـی: دوای پێنج مانگ لە کارکردن، رۆژی ٦/١٤ کارەکانی وێنەگرتنی فیلمی ژانی گەل کۆتایی پێهات، وا بڕیارە لە پێنج مانگی داهاتووشدا کارەکانی مۆنتاژ و موزیك کۆتاییان پێبێت و ئامادە بکرێت بۆ نمایشکردن.

فیلمی ژانـی گەل کە لە رۆمانی(ژانی گەل)ی مامۆستا(برایم ئـەحـمـەد)ەوە وەرگـیـراوە، دوای سەرقاڵبوونی ستافی ئەو فیلمە و دوای پێنج مانگ لە کارکردن کۆتایی هێنرا بە کاری وێنەگرتنی فیلمەکە، جەمیل رۆستەمی کە ئەرکی دەرهێنانی ئەو فیلمەی لە ئەستۆدایە رازیبوونی تەواوی خۆی لەو ئیشەی نیشاندەدات و بە کارێکی جیاوازی لەوانەی پێشووتری خۆی لە قەڵەمدەدات"شێوازی کارکردنم لـەم فیلمەدا جیاوازترە لە کارەکانی رابردوو و پێموایە فیلمێکە لە ئاستێکی باڵادایە"، جگە لەوەش ناوبراو بە متمانەیەکی زۆرەوە باسی لە کارەکەی خۆی کردو و تی"ئەگەر ئەم کارەم لە ئاستی سینەمای وڵاتانی دەورووپشت و تەنانەت خۆرهەڵات و ئەورووپاشدا نەبێت من لە کارکردن لە سینەمادا پاشەکشە دەکەم".

ئـەم فیلمە یەکەمین فیلمی کۆمپانیای(سولی فیلم)ـە.

# لە هەولێر گەلەرییەکی تایبەت بە شێوەکاری دەکرێتەوە



تایبەت بە هارمۆنی: بەمەبەستی زەمینە خۆشکردنی زیاتر بۆ کـاری هونەری شێوەکاری و باشترکردنی باری ئابووری هونەرمەندە شێوەکارەکان، وا بڕیارە گەلەرییەکی تایبەت بە هونەری شێوەکاری لە هەولێر بکرێتەوە.

هەڵکەوت زاهیر راوێـژکـاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاروباری هونەری بە هارمۆنی راگەیاند کە بە نیازن لە شاری هەولێر گەلەرییەکی تایبەت بە بەرهەمی هونەرمەندە شێوەکارییەکان دابمەزرێنن، کە ئەم گەلەرییە لەسەر شێوەی بازارێك دەبێت و هەر هونەرمەندێك دەتوانێت لە ماوەی هەفتەیەك تا دە رۆژ بەرهەمەکانی لەو گەلەرییەدا نمایش بکات.

راویژکاری هونەریی، ئاماژەی بەوەشدا کە بۆ ئەو مەبەستە گفتوگۆیان لەگەڵ چەند شارەزاییەکی بیانی کردووە.

# کەناڵی کوردسات درامایەکی نوێ بەرهەم دەهێنێت



تایبەت بە هارمۆنی: (ئاریا) زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی نوێی کەناڵی کوردساتە کە بڕیارە لە (٣٥) زنجیرەدا نمایش بکرێت و هەر زنجیرەیەکیش ماوەکەی (٤٥) خولەکە، لەم زنجیرە درامایەدا کۆمەڵێك هونەرمەندی بە توانا رۆڵیان تێدا گێڕاوە.

سـیـنـاریـۆی ئـاریـا لـەلایـەن(ئـەحـمـەد رەزا)ەوە ئـامـادەکـراوە و دەرهێنەر(هادی مەهدی)یش کاری دەرهێنانی زنجیرەکەی لە ئەستۆ گرتووە و هۆنراوەی تایتڵی زنجـیـرەکـەش هـی شـاعـیر(شـێرکـۆ بـێـکـەس)ە و موزیسیان(نزار فەتاح) موزیکەکەی ئامادە کردووە و هەریەك لە گۆرانیبێژان(ناسری رەزازی و کیژان ئیبراهیم خەیات)گۆرانی پێشەکی زنجیرەکەیان وتوە و وێنەگران(دلێر جۆلا و نەجیب عەبدولا)هەستاون بە وێنەگرتنی دراماکە و(ستار رەئـوف و چێنەر جـۆلا)ش مۆنتاژی دراماکەیان کردووە.

# کلیپێك لە شاری کۆیە دەکرێت

تایبەت بە هارمۆنی:

بەشی کلیپسازی نـاوەنـدی هاموون لە کۆیە کلیپێك بۆ گـۆرانـی(دابـڕان)ی گۆرانیبێژ (سامان فاتیح) بەرهەم دەهێنێت کە ئاوازی هونەرمەند خۆیەتی و هۆنراوەی(بایز مستەفا) و ئامادەکردنی موزیك لە لایەن هونەرمەندان(لێزان قادر و توانا فەرەج)ەوە کاری بۆ کراوە، سیناریۆ و وێنەگرتن و مۆنتاژ و دەرهێنانیش لەلایەن(رەوەز مەولود)وە ئەنجامدراوە.

لەم کلیپەدا هەریەك لە(کارزان هۆشیار، مهاباد موختار، بژوێن هوشیار) کاری نواندیان بۆ کلیپەکە کردووە و بڕیاریشە بەم نزیکانە لە کەناڵەکانەوە نیشان بدرێت.